# دۆخی تراژیک، مرۆڤی تراژیک

هادی محەممەدی



مرۆڤ لە درێژەی ژیاندا زۆر کەند و لەند و خۆشی و ناخۆشی و هەوراز و نشێو دەپێوێ، کە هاوکات لەگەڵ دۆخی ژیانی مادی، بیرو ئەندێشەو هەستی جوانیناسی دەگرسێت و گەشە دەکات. کۆمەڵگەی مرۆڤی بەدرێژایی مێژوو بۆ زاڵبوون لە ئاست کێشە و ئاستەنگەکان، فۆرمی هونەریی و فانتازیک دادەهێنێ و سیستمی تیۆریک و فەلسەفیی دەخوڵقێنێ. بە دیمەن و ئیماژی هونەریی، دۆخی ژیان دەنەخشێنێ و، بە چەمک و تیۆری راڤەی دەکا و دەینوێنێ. هەرکات بارودۆخێکی نالەبار مرۆڤ یەخسیر بکا و راستییەکان تووش و تفت و تاڵ بن و مل بۆ خواست و ئیرادەی مرۆڤ کەچ نەکەن، لە وەها دۆخێکدا ئەندێشەی تراژیک سەرهەڵدەدا و مرۆڤ هەستدەکات کە ناتوانێ دۆخی نالەبار بڕوخێنێ و بە دۆخێکی شیاوتر بگات.

لەم بابەتەدا دید و بۆچوونی هەندێ لە نووسەران و بیرمەندان لەمەڕ دۆخ و مرۆڤی تراژیک دێنینەوە تا باشتر ئەم دوو چەمکە بناسین.

«بناغەی ئەندێشەی تراژیک، گەوهەر و مانای ژیانە... بەدرێژایی مێژوو هەموو شێوازەکانی ئەم بیرە لە یەک خاڵدا هاوبەش بوون: هەموویان پیشاندەری قەیرانێکی قووڵن کە لە نێوان مرۆڤ و جیهانی فکریی کۆمەڵایەتییدا هەبووە... ئەندێشەی تراژیک بنەڕەتیترین خولیا و سەودا و دڵەخورپەکانی مرۆڤ بەیان دەکات. هێمای هەوڵێکی سەخڵەت و سیزیف ئاسایە کە دەیەوێ ژیانی رێژەیی و کاتیی پڕمانا بکات؛ مەرگ وەها خەسڵەتێکی رێژەیی دەسەلمێنێ. مەرگ بۆ ئەندێشەی تراژیک راستییەکی زاتییە کە لە هەموو دیاردە و رووداوێکدا هێمایەکی دەبینرێ... تراژیدی ئیمتیازێکە بۆ گەورە پیاوان. خەڵکانی ئاسایی کە لە بازنەی رق و

قین و خۆشی و ناخۆشی کاتیدا گیرۆدەن، لە جیهانی تراژیکدا جێگەیان نابێتەوە. لە تراژێدیدا ئەو رەنج و ئازارەی کە جیهانی بێهوودە و بێ‌مانا بەسەر مرۆڤدا دەیسەپێنێ، دەبێتە هۆکارێکی داهێنەر تا مرۆڤ لە پلەی چەرمەسەری و زەبونی سەربخات تا بەها رێژییەکان و ئاشتی لەگەڵ جیهان رەتبکاتەوە و بە پلەیەک بگات کە یەکسانیی و هەقیقەتی رەها بخوازێ« [ل. گولدمەن][1]

«تراژێدی لەگەڵ ناکۆکییەکی قووڵ تێکەڵ بووە: مرۆڤی تراژیک دەزانێ کە بەها رەسەن و ئینسانییەکان لەم جیهانەدا بەدنایەن، بەڵام بەمەیشەوە، لەم جیهانە دڵ ناکەنێ، لەم جیهانەدا دەژی، بەڵام دڵی پێ نابەستێ... لە روانگەی تراژیکدا مرۆڤ لە یەک کاتدا خودا و بەندە، و پەری و حەیوانە... شێوازی سۆفی تەسلیم بوونە، بەڵام رێبازی مرۆڤی تراژیک خەبات و تێکۆشانە« [گ. لوکاچ][2]

«مرۆڤی تراژیک هەرگیز نائومێد نابێت، بەڵام قەت دڵ بە دنیاش نابەستێت، بیری تراژیک بۆ جیهانێکی حەتمی و رەها دەگەڕێ، بەڵام جیهانێکی کاتیی و رێژەیی دەبینێتەوە. ناچار بەرەو «گشتێتی» دەڕوات، تا بتوانێ لەئاست پاژە لێکپچڕاو و کاتییەکان خۆڕاگریێت. «بیری تراژیک بەها رەسەنەکان بە گشتێتی دەزانێ.» [لوسیەن گولدمەن].

بەمهۆیە، لە تراژێدیدا هەر دیاردە و هەر وشە و هەر ئەزموونێک، هێمایەک لە پێوەندی زاتیی و ئایدیالی شتەکان دەردەخات... سوفۆکۆل وەک یەکەم بیرمەندی تراژیک و، پاسکاڵ وەک گەورەترین بیرمەندی ئەم رێبازە ناسراون. [مالرو و جهان نگری تراژیک][3]

* * *

بە وتەی موحسن حەکیمی بۆ پێناسەکردنی تراژێدی دەکرێ بە توێژینەوەیەکی گشتیی لە هەر قۆناغێکی مێژووییدا، سێ دەستە مرۆڤ لێک جیابکەینەوە کە هەر دەستەیەک لە ئاست رەنج و کێشەکانی ژیان، رەوتێکی جیاواز دەگرنەبەر: گرووپی یەکەم لە ئاست رەنج و ئازارەکان هەڵوێستی پەسیڤ و دەستەوەستان دەگرن و لە ئاست رەنج هیچ هەوڵێک نادەن. تایبەتمەندی سەرەکی ئەوان، هەستکردن بە لاوازیی و بێهێزییە، رەنج و ئازارەکانی سەردەم، بە جۆرێک تێکیان دەشکێنێ کە تەنانەت بیر لە دژکردەوەش ناکەنەوە. بۆیە چۆک دادەدەن و تەسلیم دەبن، بە وتەی نیچە، هەڵوێستی ئەمانە لە ئاست ژیان، پەرچەکردارە، نەک کردار. ئەمان ژیانی خۆیان بە نەگۆڕ و بێچارەسەر دەزانن و لە گەڵی رادێن، لە ژیان دڵیان پڕخوێنە و لە سەر تا پێیان جۆرێک رەشبینیی تەسلیم خوازانە و بیرتەسکانە شەپۆل دەدات. لە کاتێکدا کە ژان و ئازارەکانی ژیان هێز و توانای لێبڕیون، بەشێوەی بەزەبزوێن و زەبوونانە دڵ بە دنیای خەیاڵی پاش مردن خۆش دەکەن و لەوپەڕی بێهێزی و نائومێدیدا، ئارەزوو دەکەن بتوانن وەک سۆفیەکان دڵ لە دنیا و خۆشییەکانی بکەنن. دەکرێ ئەم گرووپە بە مرۆڤی «بەزەبزوێن» ناودێر بکەین.

«لە هەمبەر ئەم گرووپە، مرۆڤی خەیاڵیی و دۆنکیشۆتی راوەستاوە. ئەم تیپە بە ژمارە کەمن و لەگەڵ رەنج (بەرواڵەت) لەشەڕ دان و رەنج و ئازار قبووڵ ناکەن، بەڵام بەشێوەی ئابستراکت و خەیاڵیی لەگەڵ رەنج هەڵسووکەوت دەکەن، کە گۆیا بەرێکەوت پەیدا بووە. لەپڕ هێرش دەبەن بۆی و دەیانەوێ بیسڕنەوە، بەڵام شمشێریان دارین و «کێوی رەنج پۆڵایینە«. ئەمانە لە دنیای خەیاڵی خۆیاندا بەسەر دەبەن، لەنێوان ئەوان و راستییەکان، دیوارێک لە خەون و خەیاڵ بۆتە لەمپەر. تێدەکۆشن راستییەکان بگۆڕن، بەڵام لەراستیدا دەیانەوێ بەشێوەی وێنای خەیاڵیی خۆیان بینەخشێنن. لە شەڕ لە دژی دۆخی ژاناوی، لە بنەمای خەیاڵییەوە ئاخێز دەکەن و دەیانەوێ جیهانێکی خەیاڵیی بخولقێنن (ئەمانە بەپێی یاسای رەش و سپی دیاردەکان مەزندە دەکەن). سێو، هەنار، هەرمێ، ترێ و پرتەقاڵ، هەموویان بە میوەیەک دەزانن و جیاوازییەکان نابینن. ئەم مرۆڤانە تەنیا لە خەیاڵی خۆیاندا دنیای دەوروبەریان دەناسن، بۆیە

تووشی جۆرێک گەشبینی ساویلکانە دەبن و لەکاتێکدا کە لە ئاسمانەوە بەرد دەباری، خۆیان لە «حەوزی حەسار»دا دەشارنەوە![٤]

لە هەمبەر ئەم دوو تیپە، مرۆڤی تراژیک راوەستاوە. مرۆڤی تراژیک نموونەی مرۆڤێکی ئاسایی، زەحمەتکێش و نەجیبە کە جگە لەوەی لەگەڵ راستییەکان خۆڕێک دەخات، لەئاست ژیانی پرژان شۆڕش دەکات. ئەم مرۆڤە رەنج و ئازار بە چارەنووسی خۆی دەزانێ، بەڵام هەرگیز تەسلیم نابێ و لەگەڵ ئەم چارەنووسە دەجەنگێ، لەم شەڕەدا بەتەواوی ورد و وێران دەبێ، کەچی هێشتا تەسلیم نابێ، لەنێوان ئەو و رەنج دا دیوارێک نییە و هەردەم بەگژ رەنج دا دەچێ، مرۆڤی تراژیک بۆ رزگاری لە ئاست چارەنووس رووگەش و دەم بەبزە دەچێتە پێش، ئەم مرۆڤە شادی و بەختەوەری بە جیاواز لە رەنج و ئازار نازانێ، چارەنووس بە شتێکی ئاسمانیی و متافیزیکیی لەقەڵەم نادات. بەڵکوو بە شتێکی جیانەکراوەی ژیانی دەزانێ، چاک دەزانێ کە دۆخی سەردەم، داب و نەریت، ئاکار و رەفتارەکان، ژیانیان پرژان و نالەبار کردووە. ئەو نایەوێ ژیان بەرەو پاشەوە، بەرەو سەردەمێکی تەبا و خەیاڵیی، بگێڕێتەوە. بەڵکوو سەرەڕای بەسەر بردن لە ئێستادا چاو لە داهاتووی سازگار و ئاسایشی مرۆڤ دەبڕێ. مرۆڤی تراژیک، چارەنووس بە هۆکاری فەوتێنەری خۆی نازانێ، بەڵکوو بە دەرفەتێکی دەزانێ کە خاراوی دەکا و هێز و توانایی پێدەبەخشێ، تا هەڵبدات و سەرکەوێ. هێزی ئەو بە خۆڕاگریی لەئاست رەنج گەشە دەکا و بۆ خەبات هەراوتر دەبێت. بەمپێیە مرۆڤی تراژیک مرۆڤێکی دوالیستە: لەلایەک یەخسیری زەختی چارەنووسێکی کوێرە و، لەلایەکیترەوە هێشتا هیوادارە کە بە ناسینی ئەم چارەنووسە بەسەریدا زاڵ ببێ و سەرکەوێ.

ئەم مرۆڤە هەرچەند لەئاست چارەنووس کاول دەبێ، بەڵام هەر ئەم خەباتەی گەورەترین سەرکەوتنە، بۆ ئەو زاڵبوون لەئاست رەنج بە هەڵاتن و خۆدزینەوە هەموار نابێت، بەڵکوو بە کار و تێکۆشان دەستەبەر دەکرێ. کەوابوو کاکڵی مرۆڤی تراژیک، پراتیکە.

مرۆڤی تراژیک وەک هاملێتی شیکسپێر پێی وایە تەنیا قسە و شرۆڤەی پەتی مرۆڤ ترسنۆک دەکات. کەوابوو پرسیاری مرۆڤی تراژیک وەک ئەو پرسەیە کە مێشکی هاملێتی وروژابوو: «بوون یان نەبوون، گرنگ ئەمەیە، ئایا گەورەیی مرۆڤ لەوە دایە کە لەئاست ژان و ئازار و تیری بەختی ستەمکار خۆڕاگرێ، یان لە دژی دەریای ئاشووب چەک هەڵگرێ و بە خەبات و تێکۆشان کۆتایی بە ژان و ئازار بێنێ؟ مردن، نووستن؛ نەک هیچیتر؛ وەک بڵێی ئێمە بە نووستن کۆتایی بە زامی دڵ و هەزاران ژانی سروشتیی دێنین کە جەستەی مرۆڤی داگرتووە؛ ئەمە ئەنجامێکی ئێجگار شیاوە... بەڕاستی کێ دەتوانێ لەئاست تاژانگ و سوکایەتی سەردەم، زوڵم و زۆری ستەمکاران، تیر و توانجی خۆپەرستان، کزەی عشقی سوکایەتی پێکراو، رۆتینی قانوون و بێ شەرمیی کاربەدەستان و هەرە پەستان خۆڕاگرێت، لە کاتێکدا کە دەتوانێ بە نەشتەرێک خۆی ئاسوودە بکات؟ کێ وەها بارێکی گران هەڵدەگرێ و ژینەژانی ژیان پشتی ناچەمێنێ. مەگەر بەوهۆیە کە ترسی شتێک لە پاش مەرگ، ئەم دەڤەرە نامۆیە کە هیچ کەس لەوێوە ناتۆتەوە، ئیرادە سەرگەشتە دەکات و وامان لێدەکات تا لەئاست ژان و چەرمەسەریی خۆڕاگرین... «[٥]

«لێرەشدا تراژیدی دوالیستییە، لەلایەک ژیان و راهاتن لەگەڵ رەنج. لەلایەکیترەوە مەرگ کۆتایی بەم رەنجە دێنێ. مرۆڤی تراژیک شەیدای ژیانە، توانای مردنی نییە، مەگەر لەپێناو ژیان، بەڵام دەشزانێ کە ئەم ژیانە ئەوەندە بەردەوام نییە و درەنگ یان زوو لە خەبات لەئاست شەپۆلی پیلان و ئاژاوە کۆتایی دێ. نیچە تایبەتمەندی مرۆڤی تراژیک بە چەمکی «رەشبینی بەهێزانە« پێناسە دەکات.[٦]

«لە روانگەی تراژیکدا تەنیا خاڵێکی نەگۆڕ هەیە: پێویستی مرۆڤ بە چەسپاندنی هەموو سروشت و تواناکانی خۆی. بۆ ئەم مەبەستە هەموو سنوورێک دەبەزێنێ، بە دەرک و تیۆری هەموو چەمک و

دیاردەکان دەنرخێنێ و بە پراتیک هەموو بوتێک تێکدەشکێنێ.

ئارتۆر میلێر دەڵێ: لەمەڕ تراژێدی بۆچوونێکی چەوت لە ئارادایە، هەموو پێیان وایە تراژێدی لەگەڵ رەشبینیی تێکەڵە، یان پێیان وایە تراژێدی بەسەرهاتێکە کە ئەنجامێکی خەماویی هەیە. بەڵام لە راستیدا تراژێدی لە کۆمێدی گەشبینترە.

میلێر هەروەها تایبەتبوونی تراژێدی بۆ پاشاکان و چینی ئاریستۆکرات ڕەتدەکاتەوە و پێیوایە تراژێدی راستین لە ژیانی مرۆڤی ئاساییدا و لە دۆخی جەماوەری بێئەژماری چەوساوەکاندا دەردەکەوێ.(٧)

کازانتزاکیس ساڵی ١٩٣٢ لە نامەیەکدا بەسەرهاتی خۆی ئاوا دەگێڕێتەوە کە بەجۆرێک چارەنووسی مرۆڤی تراژیکە: «...لە درێژەی ژیانی خۆمدا زۆر شت فێر بووم، دەزانم لە رۆحی مرۆڤدا هێزێکی ئێجگار مەزن و ئەفسوونیی هەیە؛ خەدەنگی نوور و ئاگرە و کێوی تاریکی شەق دەکات. خەندەیەکی تەوساوی و شەڕنگێز هەیە کە لە هەر مەیدانێکا سەردەکەوێ. من بەردەوام لەوپەڕی نائومێدیدا بەختەوەریم هەست کردووە، دەپرسن بۆ؟ بۆوەی کە بەردەوام (بە رووی گرژ و دڵی گەورەوە) تا ئاخر راوەستاوم، لە دەورووبەرم هەمیشە هەموو شتێ بەرهەڵستم بووە، سەرەڕای ئەمەش لە ئاست دوژمن ئامادە و رۆح سووک، بێدەنگ و لەخۆبایی راوەستاوم و سەرەنجام سەرکەوتووم؛ من نە یاخییەکی هەست داگرتووم، نە سۆفییەکی پشت لە دنیا کردووم، نە بوونەوەرێکی جادوویی. من زەمین و ژیان و مرۆڤ و حەیوانم خۆش دەوێ، هەموو شتێکی روو لە فەوتانم خۆش دەوێ و مانا و بەها و سنووری دەسەڵاتیان دەناسم. من وەک مشکێکی چالاک گەلێ داوم بەزاندووە و زۆرێک تەڵەم تەقاندووە، بەڵام ئەوەش دەزانم کە دوایین داو، داوی مەرگە و گەڕانەوەی بۆ نییە!...» (٨)

* * *

لوکاچ لە دوا وتاری کتێبی «گیان و فۆرم»دا ئەندێشەی تراژیک ئاوا راڤە دەکات: «تاقە هەڵویستی دروست، یاسای هەموو یان هیچە، هەرجۆرە رێژەیەکیتر بێهوودەیە، بۆ مرۆڤی وشیار تەنیا دوو ئەنجام لەئارا دایە، فاکتی راست و ناڕاست، هەڵە و دروست، یەکسانی خواز و نایەکسانی خواز، بایەخ و دژەبایەخ؛ بەڵام مرۆڤ لەگەڵ دنیایەک بەرەوڕوو دەبێ کە لەودا هیچ بەهایەکی رەها و راستین بەدی ناکرێت، هەموو شتێ رێژەیی و بەتەواوی بێبایەخە. (٩)

«ئایا لێرەدا جیهان بەگشتی مەبەستە، یان جیهان لە قۆناغێکی تایبەتدا، جیهانی سەرمایەداری؟ ئەگەرچی لەم بەرهەمەدا بیری لوکاچ متافیزیکی و نامێژووییە، بەڵام لە بەندێکی وتاری «متافیزیکی تراژێدی»دا سروشتی مێژوویی بەخۆیەوە دەگرێ: «بۆوەی کە سروشت و چارەنووس تا ئێستا وەک ئەمڕۆ بێرۆح و سامناک نەبووە، رەنگە لە داهاتوودا جۆرێک تراژێدی سەرهەڵبدات.» [گیان و فۆرم. ل. ٢٤٩]

«بەڵام بۆچی روانگەی تراژیک ساڵی ١٩١٠ و لەوپەڕی «سەردەمی دڵنشین» و سەقامگیریی بۆرژوازیدا بیری لوکاچ سەرقاڵ دەکات؟... گوڵدمەن دەنووسێ: «گیان و فۆرم کە ساڵی ١٩١٠ بڵاوکرایەوە، رەنگدانەوەی دۆخێکی تەواو لەرزۆک و لێکترازاوە کە لەودیوی رواڵەتی ساغ و سەقامگیریی کۆمەڵگەدا شاراوەیە و خەبەر لە کارەساتێک دەدات کە بە هەنگاوی سامناک دێتە پێش و ساڵی ١٩١٤ دەتەقێتەوە.» [توێژینەوەی دیالکتیکی. ل.٢٥٣]

میشێل لوویی دەنووسێ: «بەڕای من راست پێچەوانەی ئەم شتە روودەدات. ئەوەی لوکاچ نائومێد دەکات، وەستان و سەقامگیریی کۆمەڵی سەرمایەدارییە، کە ئەو لێی بێزارە. کۆمەڵگەیەک کە لەودا بەهاکانی جوانیناسی دڵخوازی لوکاچ بەدی نایەت. شەڕی بەهای راستین و دنیای ناراستینی سەرمایەداری تراژیک و بێچارەسەر خۆدەنوێنێ، لوکاچ هیچ هێزێک بەدی ناکات، کە بتوانێ ئەم دنیا

چەوتە بگۆڕێ و بەهاكان بچەسپێنێ؛ بۆیە شەڕەكە حاڵەتێكی ئەبەدی و نامێژوویی هەیە، یان بە وتەیەكیتر خەسڵەتێكی نەگۆڕ و متافیزیكی بەخۆوە دەگرێت.»[١٠]

گوڵدمەن لە توێژینەوەیەكی تردا لەمەڕ بەرهەمەكانی لوكاچ ئاوا باسی روانگەی تراژیك دەكات: «دەكرێ پێوەندی نێوان كتێبی «گیان و فۆرم» و كتێبی «مێژوو و وشیاری چینایەتی» بە تێپەڕاندنی تراژێدی پێناسە بكەین: یانی تێپەڕاندنی كانت و هێگل و گەیشتن بە ماركس. «مێژوو و وشیاری چینایەتی» بەرهەمێكی سەرسوڕهێنەر و ئێجگار هەراو و هەمەلایەنەیە و سەرەڕای شیكاری فكری، سیاسی، مێژوویی، كولتووریی، سۆسیۆلۆژیك و میتۆدۆلۆژیك، پڕاوپڕە لە ئومێد و گەشبینی و ئەندێشەی هیۆمانیستی. ئەم بەرهەمە بە میتۆدی رەخنەی هێگلی (ئاوفهێبن)، ئاستەنگەكانی ئەندێشەی كانتی دەسڕێتەوە، لایەنە باشەكانی وەردەگرێ و بەمجۆرە هەرسی دەكا و لە «متافیزیكی تراژێدی» سەرتر دەچێ. [كانت. ل ٢٥] [١١]

بەڵام لوكاچ ساڵی ١٩١٦ بە نووسینی كتێبی «تیۆری رۆمان» لە روانگەی تراژیك واوەتر دەچێ. لوكاچ لە دوا وتاری ئەم كتێبەدا، تۆلستوی و داستایۆڤسكی بە پێشەنگی «سەردەمێكی نوێ« لە مێژووی جیهاندا دەزانێ كە مزگێنی سەرەتای سەردەمێكی نوێ دەدەن. ئەم پێشبینییەی لوكاچ ئەوپەڕی بیرتیژیی و قووڵئەندێشیی ئەو دەردەخات. چونكە ساڵێك دواتر شۆڕشی ئۆكتۆبر روودەدات. كتێبی «تیۆری رۆمان» بەرهەمێكی»دیالكتیكی هێگلی»یە، كە بەپێی ئومێد و گەشبینی ریالیستی نووسراوە.[١٢]

«ساڵی ١٩٥٠ لە جەرگەی شەڕی ساردا، بزاڤی كرێكاری بە دوو جەمسەر دابەش دەبێ، گرووپێك پێڕەوی لە ستالینیزمی سەرتاپێ كوێر دەكا و گرووپێك دەبێتە لایەنگری سۆسیال دیموكراسی. لەم نێوەدا هەر روانگەیەكی ماركسیستی كە ئاسۆیەكی شۆڕشگێڕانەی هەبێ، بەشێوەی تراژیك تەریك دەكەوێتەوە... لەم كاتەدا ئەندێشەی تراژیك بەتەواوی مێشكی گوڵدمەن دەتەنێتەوە، بۆیە كتێبی «خودای نادیار» دەنووسێ و بە لێكدانەوەی جیهانبینی تراژیك لە بەرهەمەكانی پاسكاڵ و راسین دا، هاودەنگی خۆی لەگەڵ ئەندێشەی تراژیك دەردەبڕێت. بەڵام شێواز و میتۆدەكانی هێشتا دیالكتیكین و بە پێڕەوی لە هێگل و ماركس و لوكاچ بڕوای بە سەركەوتنی ئەقڵ و مرۆڤ هەیە. [١٣]

«لە درێژەی ئەم رەوتەدا ساڵی ١٩٥٩-١٩٦٠ گوڵدمەن لە بیری رادیكاڵ نائومێد دەبێ و جۆرێك «رێفۆرمیزمی شۆڕشگێڕانە« قەبووڵ دەكات. لەم روانگەیەدا پێشڕەوی شێنەیی بەرەو سۆسیالیزم، بە چاكسازی لە دام و دەزگاكاندا و بە یارمەتی گرووپی پسپۆڕو تێكنۆكرات هەموار دەبێ. ئەم بزاڤە كە بەشێنەیی دەسەڵاتی ئابووریی-سیاسیی بەدەست دێنێ و هەنگاو بە هەنگاو بەرەو سەربەخۆیی دەچێتە پێش، «چینی كرێكاری مۆدێرن« رێبەرایەتی دەكات. ئەم بیرە بۆ چەند ساڵێك ئەندێشەی گوڵدمەن بەخۆیەوە خەریكدەكات، بەڵام ئەو لەوە وردبینتر بوو كە مەترسییەكانی ئەم رەوتە نەبینێ؛ ساڵی ١٩٦٦ لە وتارێكدا دەنووسێ: «چاكسازیی شۆڕشگێڕانە لەگەڵ مەترسی گەورە بەرەو روویە، دەبێ وریا بین كە لەگەڵ بۆرژوازی ئاشتی نەكەین و لەنێو ئەم كۆمەڵگەدا نەتوێینەوە؛ هەروەها مەترسی گەندەڵی لەگەڵ هەموو رەوتێكی رێفۆرمیستی تێكەڵە، كەوابوو تاقە رێگەچارە، رەتكردنەوەی هەر جۆرە سازانێكی دەروونیی و فكرییە لەگەڵ كۆمەڵگەی تێكنۆكرات.

بەڵام دواتر، هەر بەوجۆرە كە لوكاچ ساڵی ١٩١٦ لە توێژینەوەیەك لەمەڕ بەرهەمەكانی داستایۆڤسكی سەرەتاكانی شۆڕشی ئۆكتۆبری ١٩١٧ پێشبینی كردبوو، گوڵدمەنیش ساڵی ١٩٦٦ لە وتارێكدا كە سەبارەت بە بەرهەمەكانی ژان ژنە دەینووسێ بەوپەڕی وردبینییەوە، سەرەتاكانی بزاڤی شۆڕشگێڕانەی مانگی مەی ١٩٦٨ پێشبینی

دەکات و روانگەی تراژیک تێدەپەڕێنێ.»[١٤]

شیکاریی و پێشبینییەکانی لوکاچ و گوڵدمەن پێوەندی بە لایەنی سێحر و ئەفسوونەوە نییە، بەڵکوو بەرهەمی دەرکی قووڵ و توانای وشیارانەیە کە لەنێوان دنیای هونەری کولتوریی و پۆتانسیەلی شاراوەی هێزە کۆمەڵاتییەکاندا پێوەندی پێکدێنێ و لەبەر تیشکی مێتۆدی «گشتێتی» بارودۆخ بەشێوەی قووڵ و کۆنکرێت راڤە دەکات.

سەرئەنجام دەتوانین بێژین کە هەموو دۆخێکی هەرە تاڵ و تراژیک، دۆخێکی مێژووییە و سەرئەنجام کۆتایی دێ و مرۆڤ بە شادی و بە بزەی کۆمیک مالاوایی لێدەکات.

دەکرێ بە پشتبەستن بە ئەندیشەی مارکس[١٥] بڵێین: مێژووی رژێمێکی ستەمکار تا کاتێ کە لە جیهاندا دەسەلاتێکی رەسمی هەیە و، ئازادی لەو دەسەلاتە وەک خەونێکی تاکییە، یان تا کاتێ کە ئەم رژێمە بڕوای بە رەوایی خۆی هەیە، جۆرێک تراژێدییە. تا کاتێ کە رژێم وەک نەزمی زاڵی جیهانیی، لەگەڵ جیهانێک شەڕ دەکا کە تازە دەرسکێ، هەڵەیەکی مێژوویی و جیهانیی دەکات؛ بەمهۆیە رووخانی ئەم رژێمە وەک خەونێکی تراژیک وایە... بەڵام هەر کە رژێم لاواز دەبێ و هێز و بزاڤی کۆمەڵانی خەڵک گەشە دەکا و رژێم بەرەو هەڵدێری نەمان دەبات، روانگەی کۆمیک و ژانری کۆمێدی سەرهەڵدەدات.

رژێمی ئێستای ئێران رژێمێکی ناوەختی مێژووییە، کە لەگەڵ هەموو پرنسیپەکانی سەردەم ناکۆکی قووڵی هەیە و پووچی ئەم رژێمە بە هەموو گەلانی جیهان پیشان دەدات. ئەم رژێمە تەنیا لە خەیاڵی خۆیدا بڕوای بە خۆی هەیە و داوا لە دنیاش دەکات کە ئەم خەیاڵە قەبوڵ بکەن. ئەم رژێمە ئەگەر بەڕاستی بڕوای بە سروشتی خۆی هەبا، ئیتر هانای بۆ ریاکاریی و سەفسەتە نەدەبرد. ئەم رژێمە کۆمێدی نەزمێکی جیهانییە کە قارەمانەکانی مردوون. مێژوو رەسەنە و کاتێ کە فۆرماسۆنێکی رزیو بەرەو گۆڕ دەبات، چەندین قوناغ تێپەڕ دەکات. دوا قۆناغی ژیانی فۆرماسیۆنێکی جیهانیی ـ مێژوویی، قۆناغێکی کومێدییە. خودایانی یۆنان کە پێشتر لە تراژێدی پرۆمتەدا بە سەختی بریندار کرابوون، دەبوو جارێکیتر بە مەرگێکی کومیک بمرن. بۆچی رەوتی مێژوو وایە؟ بۆوەی مرۆڤ بتوانێ بە شادییەوە مالاوایی لە رابردووی خۆی بکات. ئێمە وەها چارەنووسێکی مێژوویی کومیک بە مافی دەسەلاتدارانی سیاسی ئێران دەزانین.

## سەرچاوەکان:


١- جامعه، فرهنگ، ادبیات: گلدمن، ادورنو، پیاژه، ترجمه، جعفر پوینده، نشر چشمه، تهران ١٣٨٠، ص ٣٤٦.

٢- هەمان سەرچاوە، ل ٣٤٦-٣٤٧.

٣- هەمان سەرچاوە، ل ٣٤٧. بۆ زانیاری زیاتر بروانە بۆ: «مالرو و جهان نگری تراژیک» ارتور میلر، ترجمە: عباس میلانی انتشارات بەنگار تهران ١٣٦٨، صص ١٦-٢١.

٤- تا دام اخر، جعفر پوینده، نشر چشمه، تهران ١٣٧٩، صص ٣.

٥- هملت، ویلیام شیکسپیر، ترجمە بەازین، پەردەی سوم، صحنەی یکم، ص ٦٨ نشر دات، تهران ١٣٨٧.

٦- تا دام اخر، جعفر پوینده، نشر چشمه، تهران ١٣٧٩، صص ٤-٥.

٧- هەمان سەرچاوە، ل ٧.

٨- هەمان سەرچاوە، ل ١١.

٩- جامعه، فرهنگ، ادبیات: گلدمن، ادورنو، پیاژه، ترجمه، جعفر پوینده، نشر چشمه، تهران ١٣٨٠، ص ٩٠.

١٠- جان و صورت، گئورگ لوکاچ، نشر ماهی، تهران ١٣٨٢، صص ٢٤٧-٢٨٣.

١١- جامعه، فرهنگ، ادبیات: گلدمن، ادورنو، پیاژه، ترجمه، جعفر پوینده، نشر چشمه، تهران ١٣٨٠، ص ٩٤-٩٥.

١٢- هەمان سەرچاوە، ل ١٠٥.

١٣- هەمان سەرچاوە، ل ١٠٣.

١٤- هەمان سەرچاوە، ل ١٠٧-١٠٨.

١٥- گامی در نقد فلسفه هگل، کارل مارکس، مرتضی محیط، نشر اختران، تهران ١٣٨١، ص ٥٨- ٥٩.

